# دەستنوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ

## سود وتایبەتمەندی وچۆنێتی وحوکمەکانی

### لە ڕوانگەی

### قورئان و فەرموودەی (صحیح) ـەوە (بەشی دووەم)

م عدنان بارام

بسم الله الرحمن الرحيم

**پێشەکی:**

إِنَّ الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِالله من شُرُوْرِ أَنْفُسنَا وَمنْ سَيِّئَات أَعْمَالنَا مَنْ يَهْده اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ ... أَمَّا بَعْدُ:

خوێنەری موسڵمان دوای خستنە ڕووی چاکە و تایبەتمەندیەکانی دەستنوێژ لە **بەشی یەکەمی** ئەم باسەدا، ئەمەی کە لەبەر دەستدایە دەسپێك، و پێشەکیەکە بۆ باسکردنی چۆنێتی، و هەندێك لە ئەحکامەکانی دەستنوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ، بۆ ئەوەی موسڵمانان کە هەڵدەستن بە دەستنوێژگرتن ئەو پەرستشە بە باشترین شێوە ئەنجام بدەن، ئەوەش بە پێی قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ، خستنە ڕووی بابەتەکانیش بە کورتی و پوختی دەبێت، لەگەڵ متمانە کردنە سەر بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە (صحیح)ەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ، بە بێ دەمارگیری بۆ هیچ بۆچوون و مەزهەبێکی دیاری کراو .

داواکارم لە خوای پەروەردگار لە هەڵەمان ببوورێت، ورەوایشمان پێ کەرم کات .. ئامین.

وە پاشان بە پشتیوانی خوای پەروەردگار دەووترێت: پێش ئەوەی خستنە ڕووی چۆنێتی دەستنوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ دەبێت چەند حوکمێکت لەلا ئاشکرا بێت ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە:

### دەستنوێژ مەرج و پێویستە بۆ نوێژکردن

دەستنوێژ مەرج و پێویستە بۆ نوێژ، ئەوەش بە پێی ووتەی خوای پەروەردگار کە فەرموویەتی:

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ ﴾[1] .

واتە: ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە ئەگەر هەستان بۆ نوێژ، ئەوا ڕووتان بشۆن لەگەڵ هەردوو دەستتان تاکو ئانیشکەکانتان، و دەستیش بهێنن بەسەرتاندا، و قاچەکانیشتان تاکو قاپەڕەقەتان بشۆن .

---

[1] ( المائدة: ٦) .

وە جارێکیان (علي ) ی کوڕی (عامر ) نەخۆش دەبێت، و (عبدالله ) ی کوڕی (عمر ) ﷺ سەردانی دەکات، ئەویش پـێی دەڵێـت ئـەی (عبدالله ) ی کـوڕی (عمر ): ئایا دوعـای خێـرم بـۆ ناکـەی، ئـەویش دەفـەرمووێت لـە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ بیستوومە فەرموویەتی: (لا تقبل صلاة بغير طهور،...)[٢].

واتە: نوێژی هیچ یەکێك لە ئێوە وەرناگیرێت، بە بێ دەستنوێژ .

وە (أبو هريرة ) ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(لا تقبل صلاة من أحدث حتى يتوضأ)، [قال رجل من حضرموت: ما الحدث يا أبا هريرة؟ قال: فساء أو ضراط][٣] .

واتە: نوێژی هیچ یەکێك لە ئێوە دروست نییە، ئەگەر دەستنوێژەکەی بەتاڵ بووەوە، تاکو جارێکی تـر دەسـتنوێژەکەی نەشواتەوە، پیاوێك کە خەڵکی (حضرموت ) بوو ووتی: دەستنوێژ بەتاڵ بوونەوە چۆنە ئـەی (أبو هريـرة ) ﷺ فـەرمووی: بایەکت لێبێتەوە، یان دەنگێك بدەیتەوە .

## واتای دەستنوێژ لە زمانەوانیدا

ووشـەی (وضوء) لـە زمـانەوانیدا لە: (( (وضأ): هوە وەرگیراوە، و لە فەرموودەشدا باسی (الوَضوء)، و (الوُضـوء) دووبارە بوەتەوە، جا (الوَضوء: بالفتح) ئەو ئاوەیە کە دەستنوێژی پێدەگیرێت، ....، وە (الوُضوء: بالضم) یش بریتیـە لـە دەستنوێژ گرتن، و خودی کردارەکە، لە داتاشراوەکانی ئەم ووشەیدا دەووترێت: (توضأت أتوضأ توضئوا ووضـوءا)، ... ))[٢٠]، و بنەوا و وواتـای ووشـەکەش لـە (الـوضاءة، وهي الحسن)[٢١]، وە واتـای (الوضـيء: الحـسن النظيـف) ە[٦]، ئـەو ئامرازەش کە دەستنوێژی تێدا دەشوشترێت پێی دەووترێت:

(الميضـأة: مطهـرة، وهي التي يتوضـأ فيهـا أو منها)[٧] .

## واتـای دەستنوێژ لە زاراوەی زانایانی شەرعدا

لە پێشتردا بۆمان دەرکەوت کە بنەوای ووشەی دەستنوێژ لە زمانەوانیدا بە واتای: پاکی وجوانی دێت، با لێرەدا بـزانین لە زاراوەی زانایاندا ئەم ووشەیە چی دەگەیەنێت؟

**الوضُوء:** ئەم ووشەیە بە (ضم، واتە: بۆرە ) کردنی پیتی (واو) ی وووشەکە:

---

[٢] (مسلم في صحيحه: ج ١ ص ٢٠٤، كتاب الطهارة، باب وجوب الطهارة للصلاة، برقم: ٢٢٤ ) .

[٣] (البخاري في صحيحه: ج ١ ص ٦٣، كتاب الوضوء، باب لا تقبل صلاة بغير طهور، برقم: ١٣٥، والزيادة عنده، ومسلم في صحيحه: ج ١، ص ٢٠٤، كتاب الطهارة، باب وجوب الطهارة للصلاة، برقم: ٢٢٥ ) .

[٤] (النهاية في غريب الحديث ج ٥ ص ١٩٤) .

[٥] (لسان العرب: ج ١ ص ١٩٤، والنهاية في غريب الحديث: ج ٥ ص ١٩٤) .

[٦] (المغرب: ج ٢، ص ٣٥٨) .

[٧] (العين: ج ٧، ص ٧٦ ) .

❑ **بریتییە لە:** چەند کردارێکی دیاریکراو، کە بە نیەت دەست پێ دەکات، هەروەکو **شافعی مەزهەبەکان** پێناسەیان کردووە [٨] .

❑ **یان بریتیە لە:** پاککردنەوەیەکی دیاریکراو، هەروەکو **حەنەفی مەزهەبەکان** ووتوویانە [٩] .

❑ **یان بریتیە لە:** بەکارهێنانی ئاوێکی پاك و پاککەرەوە لەو چوار ئەندامە دیاریکراوەی کە لە شەرعدا، بە شێوازێکی تایبەت دیاری کراون، هەروەکو **حەنبەلی مەزهەبەکان** فەرموویانە [١٠] .

❑ **یان بریتیە لە:** هەڵگرتن و لادانی ڕێگرێکی نوێژ، هەروەکو **مالکی مەزهەبەکان** دیاریان کردووە [١١] .

ئەوەی کە دەتوانرێت لەو مەزهەبانەی پێشەوە پوخت بکرێت بۆ پێناسەی دەستنوێژ ئەوەیە کە بووترێت: **دەستنوێژ:** بریتیە لە بەکارهێنانی ئاوێکی پاك و پاککەرەوە ( واتە: طاهرو مطهر ) لەو چوار ئەندامە دیاریکراوانەی کە لە شەرعدا دیاری کراون (ڕوو، و دەستەکان تا ئانیشکەکان، و سەرو گوێکان کە بەشن لە سەر، و پێیەکانیش تاکو قاپە ڕەقەکان) **هەروەکو لە ئایەتی شەشی سورەتی مائیدەدا هاتووە:** ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ﴾، **بە شێوازێکی تایبەت و دیاری کراو، هەروەکو چۆن لە سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ ڕوونکراوەتەوە، لەگەڵ بوونی نیەتدا .**

## ئاوپرژێن کردنی شەرواڵ پاش دەستنوێژگرتن بۆ ڕزگار بوون لە وەسوەسە

(أسامة) لە باوکیەوە کە (زید) ی کوڕی (حارثة)ەیە رضي الله عنه لە پێغەمبەرەوە ﷺ **دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:**

**(أتاني جبريل في أول ما أوحي إلي، فعلمني الوضوء والصلاة، فلما فرغ من الوضوء، أخذ غرفة من الماء، فنضح بها فرجه)**[١٣] .

**واتە: یەکەم جار کە وەحی (سروش) م بۆ هاتە خوارەوە جبریل** ـ عليه السلام ـ **هاتە لام** ❁**، و فێری دەستنوێژ و نوێژی کردم، کە لێ بووەوە، واتە: کە دەستنوێژەکەی تەواو کرد مشتێك ئاوی برد، و ئاوپرژێنی ئەو شوێنەی کرد لە شەرواڵەکەی کە لە مرۆڤدا بەر عەورەت دەکەوێت .**

---

[٨] (مغني المحتاج: ١ / ٤٧ )، نقلا عن: فقه الحسن البصري المُقَارَن مع المذاهب الأربعة ( ج١ / ٦١) للدكتور روضة جمال الحصري .

[٩] (مراقي الفلاح: ص ٩)، نقلا عن: فقه الحسن البصري المُقَارَن مع المذاهب الأربعة (ج١ / ٦١) للدكتور روضة جمال الحصري) .

[١٠] (كشاف القناع: ١ / ٩١ )، نقلا عن: فقه الحسن البصري المُقَارَن مع المذاهب الأربعة ( ج١ / ٦١ ) للدكتور روضة جمال الحصري .

[١١] (حاشية الخرشي: ١ / ٢٠ )، نقلا عن: فقه الحسن البصري المُقَارَن مع المذاهب الأربعة ( ج١ / ٦٢ ) للدكتور روضة جمال الحصري .

[١٣] (صححه الألباني في صحيح الجامع، برقم: ٧٦ ) .

❁ **پێشەوا (المناوي) لە** ( فتح القدير شرح صحيح الجامع الصغير) **دا فەرموویەتی:** ((قوله: (أتاني جبريل في أول ما أوحي إليّ) وذلك عند انصرافه من غار حراء كما في الدلائل وغيرها))، **واتە: لە کاتی گەڕانەوەی لە ئەشکەوتی (حراء) هەروەکو لە** ( **الدلائل**) **وجگە لەویشدا هاتووە .**

کەواتە هەروەکو (شارح الجامع) فەرموویەتی: (يندب رَشُّ الفرج عقب الوضوء لدفع الوسوسة)، سوننەتە دوای دەستنوێژ شوشتنی ئاوپرژێنی عەورەت بکرێت بۆ دورخستنەوەی وەسوەسە و هەموو ختورەیەك کە بە دڵ و مێشکدا دێت .

وە لە (حکم)ی کوڕی (سفیان) ﷛ دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی پێغەمبەری خوا ﷺ:

(كان إذا توضأ، أخذ كفا من ماء، فنضح به فرجه) [١٤] .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ کە لە دەستنوێژ دەبووەوە، مشتێك ئاوی دەبرد، و عەورەتی پێ ئاوپرژێن دەکرد .

## ئەو ئاوەی کە بۆ دەستنوێژ بە کار دەهێنرێت:

ئاو لە بنەوادا پاك و پاك کەرەوەیە، ئەوەش بە پێی دەقی قورئانی پیرۆز و سوننەتی (صحیح) ی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئاوەکە ئاوی باران بێت، یان بەفر، دەریا بێت، یان ڕووبار و کانی یان هەر شتێکی تر .

خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا ﴾ [١٥] .

واتە: لە ئاسمانەوە ئاوێکی پاك و پاك کەرەوەمان دابەزاندۆتە خوارەوە .

وە پێغەمبەری خواش ﷺ سەبارەت بە ئاوی دەریا فەرموویەتی:

(هو الطهور ماؤه، الحل ميتته) [١٦].

واتە: ئاوی دەریا پاك و پاك کەرەوەیە، و مرداربووشی حەڵاڵە .

وە لە یەکێك لە زیکرەکانی دەست پێکردنی نوێژدا ـ واتە: لە نێوان تەکبیرەی ئیحرام و خوێندنەوەی قورئانی نوێژ ـ هەروەکو (أبو هريرة) ﷛ دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو:

(اللهم باعد بيني وبين خطاياي كما باعدت بين المشرق والمغرب، اللهم نقني من الخطايا كما ينقى الثوب الأبيض من الدنس، اللهم اغسل خطاياي بالماء والثلج والبَرَد) [١٧].

---

[١٤] (صححه الألباني في صحيح الجامع، برقم: ٤٦٩٧) .

**پێشەوا ( لمناوي) لە** (فتح القدير شرح صحيح الجامع الصغير ) **دا فەرموویەتی:** ((قال التوربشتي: قيل إنما كان يفعله دفعاً للوسوسة، وقد أجاره الله منها، وعصمه من الشيطان، لكن فعله تعليماً للأمة أو ليرتد البول فإن الماء البارد يقطعه أو يكون النضح بمعنى الغسل كما قال البيضاوي وغيره)).

**واتە: زانایان فەرموویانە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی ئەنجامداوە بۆ ڕەتکردنەوەو نەهێشتنی وەسوەسە، سەرەڕای ئەوەی کە خوای پەروەردگار پەنای داوە لە شەیتان، و پاراستوویەتی لێی، و بەڵام ئەوەی ئەنجامداوە بە مەبەستی فێرکردنی ئوممەتەکەی، یان بۆ گەڕانەوەی مێز، چونکە ئاوی سارد دەبێتە هۆی نەهێشتنی، یان هەندێك لە زانایان فەرموویانە** (النضح) **بە واتای شۆردن دێت، هەروەکو** (البيضاوي) **و جگە لەویش ووتوویانە .**

[١٥] (الفرقان: ٤٨ ) .

[١٦] (صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة: ١: ٨٦٤، برقم: ٤٨٠) .

[١٧] (متفق عليه) .

واتە: ئەی پەروەردگارم من و تاوانەکانم لە یەکتر دوورکەرەوە، هەروەکو چۆن خۆرهەڵات و خۆرئاوات لە یەکتر دوورکردۆتەوە، ئەی پەروەردگارم لەتاوانەکان پاکم بکەوە، هەروەکو چۆن پۆشاکی سپی پاك دەبێتەوە لە پەڵە، و لەکەی پیسی، ئەی پەروەردگارم تاوانەکانم بشووەوە بە ئاوو بەفر و تەرزە.

ئەم دوو وەسف وحوکمەشی ناگۆڕێت (**مەبەست پاکی وپاککەرەوەییەتی**)، بە پیسیەك نەبێت کە تام و ڕەنگ و بۆنی بگۆڕێت، ئەو کاتە نە پاکە لە خۆیدا، ونە پاککەرەوەیە بۆ غەیری خۆی، ئەوەش بە بەڵگەی کۆڕای زانایان (واتە: الإجماع)، **هەروەکو پێشەوا** (النووي) **لە** (المجموع: ١ / ١١٠)، **وپێشەوا** (ابن قدامة) **ش لە** (المغني: ١ / ٣٥)، **وپێشەوا** (ابن المنذر) **یش لە** (الإجماع: ص ٣٣، رقم: ١٠) **دا دەیگێڕنەوە،** و (ابن المنذر) **یشیان فەرموویەتی:** (وأجمعوا على أن الماء القليل والكثير إذا وقعت فيه نجاسة، فغيَّرت الماء طعما، أو لونا، أو ريحا، إنه نجس ما دام كذلك).

واتە: زانایان یەك دەنگ و کۆڕان، لەسەر ئەوەی کە ئاوی کەم و زۆریش، ئەگەر پیسییەکی تێکەوت، و ئاوەکەی گۆڕی لە تام و ڕەنگ و بۆن، ئەوا ئەو ئاوە پیسە تاکو ئەو کاتەی کە بەو شێوە ببێت.

یان لە وەسف و حوکمی دووەم دەری دەکات (**واتە: پاك کەرەوە نابێت، سەرەڕای پاکێتی**) ئەگەر شتێکی پاکی تێ بکەوێت، و ناوەکەی بگۆڕێ بۆ شتێکی تر، وەکو: ئاوەکە ببێتە ماستاو، یان ببێتە هەویراو، و کەفاو، یان هەر ناوێکی تر لەشێوەی ئەوانە، ئەو کاتە ئاوەکە پاکە بەڵام پاك کەرەوە نییە.

هەروەکو لە سوننەتدا هاتووە لە (أم عطية) ەوە کە دەگێڕێتەوە خەریکی شوشتن و ئامادەکردنی کچەکەی پێغەمبەری خوا بووین ﷺ، پێغەمبەر ﷺ هاتە لامان و پێی فەرمووین: (اغسلنها ثلاثا أو خمسا أو أكثر من ذلك إن رأيتن ذلك بماء وسدر واجعلن في الآخرة كافورا أو شيئا من كافور، فإذا فرغتن فآذنني).

واتە: سێ جار، یان پێنج جار، یان لەوەش زیاتر بیشۆن، ئەگەر بە پێویستان بینی، بە ئاو و سیدر، وە کافوریش بکەنە ناو دوا ئاویان، یان هەندێك کافوری تێبکەن، و ئەگەر لێ بوونەوە لە شوشتنی ئەوا ئاگادارم بکەنەوە. دەڵێت: کە لێ بووینەوە ئاگادارمان کردەوە کە شوشتنەکەیمان تەواوکرد، ئەویش (ألقى إلينا حقوه).

واتە: پۆشاکێکی خۆی پێداین، و فەرمووی: (أشعرنها إياه) [١٨].

واتە: بیکەن بە یەکەم پۆشاکی کفنەکەی (کە بەر لەشی دەکەوێت).

ڕووی هەڵێنجاندنی بەڵگە لەوەدایە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:

(واجعلن في الآخرة كافورا، أو شيئا من كافور).

واتە: کافوریش بکەنە ناو دوا ئاوی شوشتنەکەیەوە، یان هەندێك کافوری تێبکەن، کافوریش جۆرێکە لە بۆنی خۆش، ئاوەکەی پێ بۆن خۆش دەبێت، نەك ناوی ئاوەکە بگۆڕێت بۆ ناوێکی تر، سەرەڕای بۆن خۆشکردنەکە، ئەو ئاوەش کە کافورەکەیان تێکردبوو بۆ شوشتنی مردووەکە بەکار دەهێنرا، کەواتە ئاوەکە پاککەرەوە بوو بۆیە بە کاریان هێنا.

---

[١٨] (متفق عليه).

## دەستنوێژ شوشتن بە ئاوی بەکارهێنراو

ئاوی بەکارهێنراو ئەو ئاوەیە کە بە مەبەستی پاککردنەوە بەکارهێنراوە لە دەستنوێژدا یان لە غوسڵ کردن، ئەم ئاوەش لەسەر بنەوای خۆی ماوەتەوە ـ کە پاکی و پاککردنەوەیەتی ـ لەبەر چەندەها فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ، لەوانەش:

لە (ربيع) ەوە رضي الله عنها دەفەرمووێت:

(أن النبي ﷺ مسح برأسه، من فضل ماء كان في يده)[١٩] .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی هێنا بە سەریدا لە پاشماوەی ئاوی دەستەکانی لە کاتی دەستنوێژدا، ئاشکراشە ئەو ئاوە پێشتر بەکارهێنراوە لە شۆردنی ئەندامێکی تری دەستنوێژ کە دەستەکانە .

## دەستنوێژ گرتن لە پاشماوەی ئاوی دەستنوێژ و غوسڵی ئافرەت

(ابن عباس) رضي الله عنه لە یەکێك لە خێزانەکانی پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:

(اغتسلَتْ من جنابة، فتوضأ واغتسل النبي ﷺ من فضل وضوئها)[٢٠] .

واتە: لەشگران بوو و غوسڵی کرد، پێغەمبەری خواش ﷺ لە پاشماوەی ئاوی بەکارهێنراوی دەستنوێژ و غوسڵی کرد .

(أم صبية الجهنية) بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرمووێت:

(اختلفت يدي ويد رسول الله ﷺ في الوضوء من إناء واحد)[٢١] .

واتە: دەستی من و پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتی دەستنوێژگرتندا تێکەڵ یەك دەبوون، لە یەك قاپ ( تەشت ) دا .

پێشەوا (النووي) فەرموویەتی:

(وَأَمَّا تَطْهِير الرَّجُل وَالْمَرْأَة مِنْ إِنَاء وَاحِد فَهُوَ جَائِز بِإِجْمَاعِ الْمُسْلِمِينَ لِهَذِهِ الْأَحَادِيث الَّتِي فِي الْبَاب. وَأَمَّا تَطْهِير الرَّجُل لِفَضْلِهَا فَهُوَ جَائِز عِنْدنَا وَعِنْد مَالِك وَأَبِي حَنِيفَة وَجَمَاهِير الْعُلَمَاء، سَوَاء خَلَتْ بِهِ أَوْ لَمْ تَخْلُ .

قَالَ بَعْض أَصْحَابنَا: وَلَا كَرَاهَة فِي ذَلِكَ لِلْأَحَادِيثِ الصَّحِيحَة الْوَارِدَة بِهِ ... وَالْمُخْتَار مَا قَالَهُ الْجَمَاهِير لِهَذِهِ الْأَحَادِيث الصَّحِيحَة فِي تَطْهِيره ﷺ مَعَ أَزْوَاجه . وَكُلّ وَاحِد مِنْهُمَا يَسْتَعْمِل فَضْل صَاحِبه . وَلَا تَأْثِير لِلْخَلْوَةِ . وَقَدْ ثَبَتَ فِي الْحَدِيث الْآخَر

---

[١٩] حسنه الشيخ الألباني في: سنن أبي داود: ١: ٣٢، رقم ١٣٠) .

[٢٠] (صححه الشيخ الألباني في: سنن ابن ماجه: ١: ١٣٢، رقم ٣٧١) .

[٢١] (صححه الألباني في سنن أبي داود: ٢٠/١ رقم ٧٨).

أَنَّهُ ﷺ اغْتَسَلَ بِفَضْلِ بَعْض أَزْوَاجه . رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيّ وَالنَّسَائِيُّ وَأَصْحَاب السُّنَن . قَالَ التِّرْمِذِيّ: هُوَ حَدِيث حَسَن صَحِيح) [٢٢] .

**واتە: وە سەبارەت بە خۆشۆردنی پیاو لەگەڵ خێزانیدا لە یەك سەتڵ** (تەشت) **دا دروستە بە کۆڕای موسڵمانان، ئەوەش لەبەر ئەم فەرموودانەی کە لەم بەشەدا هاتووە، بەڵام سەبارەت بە خۆشۆردنی پیاو بە پاشماوەی ئاوی ئافرەتەکەی ئەوە دروستە لە لای ئێمە و لای پێشەوا مالك و ئەبو حەنیفە و زۆرینەی زانایان، بەتەنها بێت لەگەڵ خێزانەکەی یان پاش ئەو بێت، هەندێك لە هاوەڵانمان فەرموویانە: ئەو کارە هیچ کەراهەتێکی تێدا نییە لەبەر ئەم فەرموودە** (صحیح) **انەی کە ئاماژە بە خۆشۆردنی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن لەگەڵ خێزانەکانیدا، و هەریەکێکیان پاشماوەی ئاوی ئەویتریان بەکاردەهێنێت، وە هیچ کاریگەریەکیش نییە لەسەر حوکمەکە بەتەنها بن یان نە، وە لە فەرموودەکەی تریشدا جێگیر سەلماوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە پاشماوەی ئاوی هەندێك لە خێزانەکانی خۆی شۆردووە .**

**پێشەوا** (ابن رجب الحنبلي) **سەبارەت بە فەرموودەی** (عائشة) **لە لێکدانەوەی فەرموودەکانی** (صحیح البخاري) **دا فەرموویەتی:**

(عن عائشة، قالت: **كنت أغتسل أنا ورسول الله ﷺ من إناء واحد، تختلف أيدينا فيه** ... وخرجه مسلم في (صحيحه) وزاد فيه: (من الجنابة) .

وهذا الحديث: يستدل به على جواز إدخال الجنب يده قبل كمال غسله في الماء الذي يغتسل منه، وعلى أن ما نضح من الماء الغسل في الإناء، الغسل منه لا يضره)) [٢٣] .

**واتە: لە عائشەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: من و پێغەمبەری خوا ﷺ لە یەك قاپدا** (تەشت) **خۆمان دەشۆرد، دەستەکانمان لەگەڵ یەکدا تێکەڵ دەبوو لەو قاپەدا ... وە لە ڕیوایەتی** (مسلم) **دا هاتووە لەگەڵ زیادکردنی: خۆشۆردنەکە لە لەشگرانی بوو .**

**ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەشگران دەتوانێت پێش تەواوکردنی خۆشۆردنەکەی دەستەکانی بکاتە ناو ئەو ئاوەی کە خۆی پێدەشۆرێت، وە بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کە ئەو پرشە ئاوانەی کە لە لەشی کەسی خۆشۆرەوە دەکەونە ناو قاپ** (تەشت) **ی ئاوەکەوە، هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنێت .**

**وە** (ابن بطال) **یش سەبارەت بە هەمان فەرموودە فەرموویەتی:** (( في (أي: حديث عَائِشَةَ قَالَتْ: **كُنْتُ أَغْتَسِلُ أَنَا وَالنَّبِيُّ ﷺ مِنْ إِنَاءٍ وَاحِدٍ مِنْ قَدَحٍ يُقَالُ لَهُ: الْفَرَقُ** ) ـه: دليل على جواز الغسل والوضوء بفضل الجنب والحائض)) [٢٤] .

---

[٢٢] (شرح النووي على مسلم: ج ٢ / ص ٢٠، بَاب الْقَدْرِ الْمُسْتَحَبِّ مِنْ الْمَاءِ فِي غُسْلِ الْجَنَابَةِ وَغُسْلِ الرَّجُلِ وَالْمَرْأَةِ فِي إِنَاءٍ وَاحِدٍ فِي حَالَةٍ وَاحِدَةٍ وَغُسْلِ أَحَدهمَا بِفَضْلِ الْآخَرِ) .

[٢٣] (فتح الباري لابن رجب: ج ٢ / ص ٢٤) .

[٢٤] (شرح ابن بطال: ج ١: ص ٣٩٨: ٣ ـــ باب غُسْلِ الرَّجُلِ مَعَ امْرَأَتِه ) .

واتە: فەرموودەی (عائشة) ـ ڕەزای خوای لیّ بێت ـ کە دەگێڕێتەوە: ئەو و پێغەمبەری خوا ﷺ لە یەك قاپ (تەشت) دا کە پێی دەووترێت (الفرق) خۆیانشۆردووە، **بەڵگەی تێدایە** لەسەر ڕەوایی خۆشۆردن و دەستنوێژگرتن لە پاشماوەی ئاوی کەسیّ کە لەشگران بوو بێت یان ئافرەتێك کە لە سوڕی مانگانە خۆی دەشوات .

## دەستنوێژ گرتن لە

## تەشت ( التَّور ) و هاوشێوەکانی

لە (عبدالله) ی کوڕی (زيد)ەوە فەرموویەتی:

(أتى رسول الله ﷺ فأخرجنا له ماء في تور من صفر فتوضأ فغسل وجهه ثلاثا ويديه مرتين مرتين ومسح برأسه فأقبل به وأدبر وغسل رجليه)[٢٥] .

واتە: ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە لامان، ئێمەش ئاوێکمان بۆ هێنا لە تەشتێکی مسدا، و ئەویش دەستنوێژی تێدا شوشت، بەوەی کە ڕووی سیّ جار شوشت، و دەستەکانی دووجار دووجار شوشتن، و دەستی هێنا بە سەریدا، بە شێوەیەك دەستەکانی هێنا بە سەریدا لە پێشەسەری تا گەیشتە پاشە سەری، و دووبارە گەڕاندنیەوە بۆ شوێنی خۆیان، و پێیەکانی شوشت .

وە لە (عمرو)ی کوڕی (يحيى) ئەویش لە باوکیەوە فەرموویەتی: مامەم دەستنوێژی زۆر دەشوشت، بۆیە پرسیاری کرد لە (عبد الله) ی کوڕی زيد) و پێی فەرموو پێم بڵێ چۆن پێغەمبەری خوات ﷺ بینی دەستنوێژی دەشوشت: ئەویش داوای کرد تەشتێك (تور) ئاوی بۆ بێنن، و ئاوی کرد بە دەستیدا، و سیّ جار دەستەکانی شوشت، پاشان دەستی کردە ناو تەشتەکە، و سیّ جار و بەیەك مشتی ئاوی دا بە دەم و لووتیدا، هنگی کردەوە، پاشان دەستی کرد بە ئاوەکەدا و ئاوی لیّ دەرهێنا و ڕووی سیّ جار شوشت، پاشان دەستەکانی دوو جار دوو جار تاکو ئانیشکەکان (واتە: ئانیشکەکانیشی لەگەڵ دا بوو) شوشت، پاشان بە دەستی ئاوێکی برد و سەری پیّ مەسح کرد، بە شێوەیەك دەستی برد تاکو پشتی سەری و گەڕاندیەوە بۆ پێشەوەی، پاشان هەردوو پێی شوشت، و فەرمووی: ئا بەم شێوەیە پێغەمبەری خوام ﷺ بینیوە دەستنوێژی شوشتوە[٢٦] .

**سوودێك:** تێبینی ئەوە دەکرێت لە فەرموودەکەوە کە تکەی دەستی ئەو کەسەی کە دەستنوێژی دەشوات دەکەوێتە ناو ئاوی دەستنوێژەکەوە، کە دەستنوێژەکەی پیّ تەواو دەکرێت، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە نێو کوردەواری خۆمان باوە کە ئەگەر تکەی ئاوەکە کەوتە ئاوەکەوە نابێت، دەستنوێژ یان غوسڵی پیّ بکرێت ! !

---

(٢٥) (صحيح البخاري: ج ١ ص ٨٣، كتاب الوضوء، باب الغسل والوضوء في المخضب والقدح والخشب والحجارة، برقم: ١٩٤) .

(٢٦) (صحيح البخاري: ج ١، ص ٨٤: كتاب الوضوء، باب الوضوء من التور، برقم: ١٩٦) .

**هــەروەکــو پێشتر لـە ووتەیـەکی پێشەوا** (ابــن رجــب الحنبلــي) **- بـە ڕەحمـەت بێـت – خرایــەڕوو سـەبارەت بـە فەرموودەکەی دایکە** عائشة **(ڕەزای خوای لێ بێت) کە تێیدا فەرمووی:** ((وهذا الحديث: يستدل به على جواز إدخال الجنب يده قبل كمال غسله في الماء الذي يغتسل منه، وعلى أن ما نضح من الماء الغسل في الإناء، الغسل منه لا يضره)) [٢٧].

**ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەشگران دەتوانێت پێش تەواوکردنی خۆشۆردنەکەی دەستەکانی بکاتە ناو ئەو ئاوەی کە خۆی پێدەشۆرێت، وە بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کە ئەو پرشە ئاوانـەی کـە لـە لەشی کەسی خۆشۆرەوە دەکەونە ناو قاپ (تەشت) ی ئاوەکەوە، هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنێت .**

**وە هەر لەم بارەیـەوە پێشەوا** (ابن رجب الحنبلي) **فەرموویـەتی:** (المسألة الثانية: ما ينتضح من بدن الجنب في المـاء الـذي يغتسل منه . وقد ذكر البخاري، عن ابن عمر وابن عباس، أنهما لم يريا به بأساً . وروى وكيع في (كتابه)، عن سفيان، عن العلاء بن المسيب، عن رجل، عن ابن عباس، أنه لم يكن يرى به بأساً . وكذلك رخص فيهِ أكثر السلف، منهم: ابن سـيرين والحـسن والنخعي وأبو جعفر . قالَ النخعي: أو تجد من ذَلِكَ بداً ؟ وعن الحسن ـــ نحوه . ورخص فيهِ ـــ أيضاً ـــ مالك وأحمد وإسـحاق وغيرهم . وقد سبق بسط ذَلِكَ في ذكر الماء المستعمل، وأنه ليس بنجس . ويدل على ذَلِكَ: أن إغتسال النبي ﷺ مع بعض أزواجه من الإناء الواحد لا يسلم من إصابة رشاش الماء المتقاطر منهما [للماء]، ولو كانَ ذَلِكَ نجساً لوجب بيانه والأمر بالتحرز منه، فـإن هذا مما تعم به البلوى، ولا يكاد يسلم الناس منه . وكلام أحمد يدل على أن ما ينضح من الماء عندَ الغسل والوضوء على البـدن أو الثوب في الماء لا بأس به)) [٢٨] .

**واتە: بابەتی دووەم: ئەو پرشە ئاوانەی کە لە لەشی لەشگران دەکەونـە نـاو ئـەو ئـاوەی کـە خـۆی پێدەشۆررێت، لەو بارەیەوە پێشەوا بوخاری لە** (ابن عمر) **و** (ابن عباس) **ەوە گێڕاویەتیـەوە کـە هیچیان تێدا نـەبینیوە کـە بـەکار بهێنرێت، هەروەها** (وكيع) **یش لە کتێبەکەیدا لە** (سفيان) **ەوە، لـە** (علاء) **ی کـوڕی** (مسيب) **ەوە لـە پیاوێکـەوە لـە** (ابــن عبــاس) **دەگێڕێتەوە کە: هیچی تێدا نەبینیوە کە بەکار بهێنرێت، هەروەها زۆرینەی زانایانی پێشین ڕێیان پێداوە، لەوانـە:** (ابــن سيرين، والحسن، والنخعي، وأبو جعفر) **... وە هەروەها پێشەوایان** (مالك وأحمد، وإسحاق) **و جگە لەوانیش ڕێیـان پێداوە . وە درێژەی ئەوەشمان لە باسی پاکێتی ئاوی بەکارهێنراودا خستەڕوو، لەگـەڵ پـیس نـەبوونی ئـەو ئـاوە، وە ئـەوەش کـە بەڵگە بێت لەسەر ئەوە: ئەو فەرموودەیەیە کە تێیدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ هەندێك لـە خێزانەکانیـدا، و لـە یەك قاپ (تەشت) دا خۆیان شۆردووە، ئاشکراشە کە ئاوی ناو تەشتەکە پارێزراو نابێت لە پرشی ئەو ئاوەی کە لە لەشیان دەکەوێتە خوارەوە، بۆیە ئەگەر ئەو ئاوە پیس ببوایە وای پێویست دەکرد کـە ئاشـکرا بکرێـت، و فـەرمان بـە خۆپاراسـتن لێی بکرێت، چونکە ئەوە شتێکە تووشی هەمووان دەبێت، و کەس لێی پـارێزراو نییـە، وە ووتــەی پێشەوا** (أحمــد) **یش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو پرشە ئاوانەی کە لەکاتی غوسڵ ودەستنوێژدا لەلـەش وجلـەکان دەکەونـە خـوارەوە بـۆ نـاو ئاوی خۆشۆردنەکە هیچی تێدا نییە .**

---

[٢٧] (فتح الباري لابن رجب: ج ٢ / ص ٢٤) .

[٢٨] (فتح الباري لابن رجب: ج ٢ / ص ٢٤) .

## دەستنوێژگرتن بە
## پاشماوەی شوێن دەمی پشیلە

دایکە (عائشة) (رضي الله عنها) بۆمان دەگێڕێتەوە، ودەفەرمووێت:

(أن رسول الله ﷺ كان يصغي للهرة الإناء ؛ فتشرب، ثم يتوضأ بفضلها)[٢٩] .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ قاپی ئاوەکەی بۆ پشیلە لار دەکردەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی لێی بخواتەوە، وپشیلەکەش لێی دەخواردەوە، وپاشان پێغەمبەری خوا ﷺ لە پاشماوە وشوێن دەمەکەی دەستنوێژی دەشوشت .

## تێر و تەسەلی لە دەستنوێژدا

لە (عمرو) ەوە رضي الله عنه دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

( أسبغوا الوضوء)[٣٠].

واتە: دەستنوێژ بە تێرو تەسەلی بشۆن.

وە لە (عبدالله) ی کوڕی (عباس)ەوە ـ رضی الله عنهما ـ دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

( أُمرنا بإسباغ الوضوء)[٣١] .

واتە: من و ئوممەتەکەشم فەرمانمان پێ کراوە بەوەی کە دەستنوێژەکانمان بە تێروتەسەلی بشۆین، **بە واتای**: بە تەواو ئەنجامدانی بەو شێوەیە سوننەتێکە شەرع پێی هاتووە، نەك بە تەواو ئەنجامدانی فەرز و واجباتەکانی، چونکە ئەوە تایبەت نییە بەوان بەڵکو هەموو ئوممەتانی تریش دەگرێتەوە نەك تەنها ئەو و ئوممەتەکەی [٣٢] .

## ئیسراف وزیادڕەوی نەکردن
## لە ئاوی دەستنوێژ

لەگەڵ تێر و تەسەلی لە دەستنوێژدا پێویستە موسڵمان ئیسراف و زیادەڕەوی نەکات تێیدا، لەبەر گشتێتی ئەو ئایەت و فەرموودانەی کە سەبارەت بە ئیسراف و زیادەڕەوی هاتوون، خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

---

[٢٩] (صححه الألباني: صحيح الجامع، برقم: ٤٩٥٨ ) .

قال ( **المناوي** ) في ( فتح القدير شرح صحيح الجامع الصغير ): ((وفيه طهارة الهرة وسؤرها، وبه قال عامة العلماء إلا أن أبا حنيفة كره الوضوء بفضل سؤرها وخالفه أصحابه وصحة بيعه وحل اقتنائه مع ما يقع منه من تلويث وإفساد وأنه ينبغي للعالم فعل الأمر المباح إذا تقرر عند بعض الناس كراهته ليبين جوازه )) .

**واتە: ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدایە کە پشیلە و شوێندەمەکەی پاکە، ئەمەش ووتەی زانایانە بە گشتی، جگە لە پێشەوا (أبو حنيفە) نەبێت کە فەرموویەتی: دەستنوێژگرتن بە شوێندەمەکەی مەکروهە، بەڵام هاوەڵان و شوێنکەوتووانی پێچەوانەی بوونەتەوە، بەڵکو فرۆشتن و بەخێوکردنیان بە دروست زانیوە، سەرەڕای ئاڵودەکاری و خراپەی کە هەیەتی، وە ئەوەش پێویستە لەسەر زانایان کردەوە ڕێپێدراوەکان ئەنجام بدات لەو کاتەی کە لە ناوخەڵکدا بە شتێکی نامۆ و مەکروه دانرا، بۆ ئەوەی بۆیان ڕوون بکاتەوە کە ئەو شتە ڕێپێدراوە .**

[٣٠] ( صححه الألباني في صحيح الجامع رقم: ٩٢٨ ) .

[٣١] ( صححه الألباني في صحيح الجامع رقم: ١٣٨٠ ) .

[٣٢] **بڕوانە: ووتەی** ( المناوي ) **لە** ( فتح القدير شرح صحيح الجامع الصغير ) دا .

﴿ يَا بَنِي آدَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ ﴾ [الأعراف: ٣١] .

**واتە: ئەی ڕۆڵە و نەوەکانی ئادەم خۆتان بڕازێننەوە لە هەموو مزگەوتێکدا (واتە لە کاتی نوێژدا)، نەك وەکو سەردەمی نەفامی کە ئافرەتان بە ڕووتی بەدەوری ماڵی خوادا ـ کە کەعبەی پیرۆ ـ دەسوڕانەوە، بخۆن و بخۆنەوە لەوەی کە خوای پەروەردگار بۆی حەلاڵ کردوون، بەڵام بە بێ زیادڕەوی، و ئیسراف کردن تێیاندا، چونکە پەروەردگاری ئێوە موسریفانی خۆش ناوێت .**

**لەگەڵ ئەو بەڵگە تایبەتانەش کە سەبارەت بە دەستنوێژ هاتوون، لەوانەش (عمرو) ی کوڕی (شعیب) لە باوکیەوە، پاشان لە باپیەوە دەگێڕێتەوە کە جارێکیان پیاوێك دێتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و لێی دەپرسێت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەستنوێژ چۆنە؟ پێغەمبەری خواش ﷺ داوای ئاوێك دەکات لە قاپێکدا بۆ بهێنرێت، و دەستەکانی سێ جار دەشوات، پاشان ڕووی سێ جار دەشوات، پاشان دەستەکانی سێ جار تاکو ئانیشکەکان (واتە: ئانیشکەکانیشی لەگەڵ دا بوو) دەشوات، پاشان دەستی هێنا بە سەریدا و سەری مەسح کرد، و دوو پەنجەی شایەتومانی کرد بە گوێکانیدا، و بە دوو پەنجەی گەورەی ڕووی دەرەوەی گوێی پێ مەسح دەکات، و بە دوو پەنجەی شایەتومانیشی ڕووی ناوەوەی گوێکانی مەسح دەکات، پاشان هەردوو پێی سێ جار سێ جار دەشوات، پاشان فەرمووی:**

**( هكذا الوضوء، فمن زاد على هذا، فقد أساء، وتعدى، وظلم)[٣٣].**

**واتە: ئا بەم شێوەیە دەستنوێژ، جا هەر کەسێ زیادی لەسەر بکات، ئەوا خراپەی کردووە، سنوریشی بەزاندووە، ستەمیشی کردووە .**

**وە (أنس) ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ**

**(يغسل أو كان يغتسل بالصاع إلى خمسة أمداد، ويتوضأ بالمد)[٣٤] .**

**واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی دەشوشت، یان غوسڵی دەکرد، بە (صاع) ێك کە بریتییە لە چوار گوێل بە دەستی پیاوێکی مام ناوەند، یان بە پێنج گوێل ( هەر گوێلێکیش بریتییە لە دوو مشت)، وە دەستنوێژیشی دەشوشت بە گوێلێك .**

**وە (عبدالله) ی کوڕی (عمر) ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:**

**(الغسل صاع والوضوء مد) [٣٥]، پێشەوا (المُناوي) سەبارەت بە لێکدانەوەی ئەم فەرموودەیە فەرموویەتی [٣٦]: واتای فەرموودەی: (الغسل صاع، والوضوء مد) ئەوەیە: کە سوننەتە ئاوی غوسڵ (صاع) ێك بێت، و ئاوی**

---

[٣٣] (رواه النسائي وابن ماجه وروى أبو داود معناه، وأخرجه السيوطي في صحيح الجامع: عن ابن عمرو، وقال العلامة الألباني: حسن صحيح، في: (سنن النسائي: ١ / ٨٨، برقم: ١٤٠)، وفي (سنن ابن ماجه: ١ / ١٤٦ ، برقم: ٤٢٢ )، وفي (سنن أبي داود: ١: ٣٣، برقم: ١٣٥)، دون قوله: [أو نقص]، فإنه شاذ، وضعف الشيخ الألباني هذه الزيادة في: (ضعيف الجامع رقم: ٦٠٨٨) و صححه ــ أيضا ــ في: السلسلة الصحيحة: ٦ / ١١٩٦، برقم: ٢٩٨٠ ) وحسنه في (مشكاة المصابيح: ج ١، برقم: ٤١٧، وفي: (صحيح الجامع رقم: ٧٠١٥، و رقم: ٦٩٨٩) .

[٣٤] (رواه البخاري في صحيحه: ج: ١ ص: ٨٤ كتاب الوضوء، باب الوضوء بالمد، برقم: ١٩٨) .

دەستنوێژیش گوێلێك بێت، جا ئەگەر كەمتر بەكاربهێنرێت و دەستنوێژەكەش تێروتەسەل بێت، دەستنوێژەكەی تەواوە، وە ئەگەر زیاتر بەكاربهێنرێت ئەوا بە زیدڕەوی و ئیسراف دەژمێررێت، بەڵام ئەمە لە یەكێكدا دەبێت لەشی وەكو لەشی پێغەمبەری خوا بێت ﷺ لە نەرم و نیانی، و لایەنەكانی ترەوە، وە ئیللا زیادكردن، و كەمكردنی ئاوەكە بە پێی حاڵی ئەو كەسە دەبێت كە دەستنوێژەكە دەشوات.

وە (عقیل) یش لە پێغەمبەرەوەﷺ دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**( یجزئ من الوضوء مد، ومن الغسل صـــاع)**[٣٧] .

واتە: گوێلێك ئاو بەسە بۆ دەستنوێژ، و (صـــاع) یكیش بۆ غوسڵ كردن .

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

==================================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

---

[٣٥] ( صححه الألباني في صحيح الجامع رقم: ٤١٧٥ ) .

[٣٦] **بڕوانە**: ( فتح القدير شرح صحيح الجامع الصغير ) .

[٣٧] ( صححه الألباني في صحيح الجامع رقم: ٨٠٢٤ ) .